# ئەو تەقانەی پۆلیسێك ڕاناچڵەکێنیٚ

نووسینی بەکر ئەحمەد

زیاتر لە چەند هەفتەیە, حەمە سەعید حەسەن لەلایەن برایەکی خۆیەوە لە ناو جەرگەی شاری سلێمانیدا و بەبەرچاوی خەڵکانێکی زۆری ڕۆشنبیر و سیاسییەوە دەدرێتە بەر فیشەك و بریندارەدکرێت. دەنگی ئەو فیشەکانە هەتا ئێستاش کاردانەوەیەکی ئەوتۆی یاسایی بەشوێن خۆیدا نەهێناوە. کەسی تەقەکردوو, بە پێی ئەو هەواڵانەی تا ئێستا لەبەردەستدان, ئازادانە دەسوڕێتەوە.

ناوی کەسی تەقەلێکراو, لە حەمەسەعیدەوە بگۆڕە بۆ کەسێکی تری ناسراوی ناو گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردی. گریمان پەشێوە و تەقەی لێدەکریٚ, یا شێرکۆ بێکەس بیٚ, یان هەر ناوێکی تر کە بە گوێچکەی زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاشنایە. کاردانەوەکان چۆن دەبوون؟

ڕەنگە کۆمەڵێك وەڵامی ئامادە لە دوای کردنی ئەم پرسیارەوە, ببیسترێت. بەبیٚ ئەوەی ئەو وەڵامانە ڕیزبکەین, با لەو بێدەنگییەوە بدوێین کە کەیسی تەقەلێکردنی حەمەسەعید بە شوێن خۆیدا دەیهێنێت. بێدەنگییەك کە لە خێرایی بلاوبوونەوەی هەواڵەکەدا نییە کاتێك ئەم کردەوەیە ئەنجامەدرێت, بەڵکو لە بێدەنگی و تەنانەت بێدەربایەستی نیشاندانی ئەو دەسەڵاتە یاساییەدایە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا ئەم کارە ئەنجامەدرێت.

ئایا تەقەکان دەچێتە خانەی تاوانێکی شەخسی و خێزانییەیەوە؟ تەقەکردن لەبرایەکی خۆ لەلایەن برایەکی دییەوە؟ ئایا تەقەکان دەچێتە خانەی تێرۆرێکی سیاسییەوە بەهۆی ئەو پێشینە سیاسی و ڕەخنەییانەی حەمەسەعیدەوە لەبەرانبەر دەسەڵاتی "ی.ن.ك"دا؟
پێشینەی ئەنجامدانی ئەم تەقانەی سەر شەقامێکی سیلێمانی, هەر چۆنێك بێت, کاردانەوە نیشانەدان لە خۆ لەلایەن دادگا ی سلێمانی و نەگەڕان بەشوێن ئەنجامدەری تاواندا, نیشاندانی ڕقێکی شەخسی دەسەڵاتداریٚتی سیستەمی یاسایی سلێمانییە لەبەرانبەر هاوڵاتییەکی کوردستاندا. هەر کاتێکیش سیستەمی دادی کۆمەڵگا لەویستی شەخسی کەسانی یاسایی و لەژێر فشارەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا جولایەوە, تەقەکانی سەر شەقامێکی سلێمانی, تاوانێك نییە بەرانبەر هاوڵاتییەکدا ئەنجامدرابێت, بەڵکو تەقەکردن بووە لە سیستەمی یاسایی کۆمەڵگا بە گشتی.

حەمەسەعید نووسەرێکی تایبەتییە و ژمارەی دوژمنە شەخسی و سیاسییەکانی, لە ژمارەی دۆستەکانی کەمتر نین. بەڵام بۆ یەك ساتی کەمیش بێت, بەرگی ئینتیما سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان لەبەر خۆمان داکەنین و لەم کەیسە وردبینەوە, هەستدەکرێت هاوڵاتییەکی کۆمەڵگا, کردەوەیەکی تاوانکارانەی بەرانبەر ئەنجامدەدرێت و سیستەمی دادی کۆمەڵگا, خۆی ناکات بە خاوەنی. بۆیە ئەم تاوانە و بێدەنگی دەستگا پەیوەندیدارەکان لەبەرانبەریدا, لە تەقەکردن لە هاوڵاتییەکی کوردستانەوە دەگۆڕێت بە تەقەکردن لە سیستەمی دادی کۆمەڵگای کوردستان. هەر لەم پەیوەندەشدایە, ئەو تەقانەی پۆلیسێك ڕاناچڵەکێنیٚ, ناتوانێت سیستەمی دادی کۆمەڵگا خەبەرکاتەوە.